The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak_org@yahoo.com

# پەشیمانی داواکاری گشتی لە سزای تاوانباران سکەنداڵێکی دیکەی دادگایە

بەپێی هەواڵەکان دەستەی داواکاری گشتی دادگا داوای سوککردنی سزای هەردوو تاوانبار سوڵتان هاشم و فەرحان متلەگ پێشکەش بە دادگای تێهەڵچوونەوە کردووە.
ناوەندی چاک بە هەموو شێوەیەک دژی سوککردنی سزای ئەو تاوانبارانەیە کە بە تاوانەکانی گەلکوژی، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دژ بە گەلی کورد تاوانبار کراون. ئەگەرچی دادگا لە ئاستی پێویستدا نییە و لایەنگیرە، لەم دادگایەدا ئەو تاوانکاریانە بە بەڵگە سەلمێندران. ئەو تاوانبارانە ئەنجامدەری گەروەترین تاوانن کە تاوانی ژینۆسایدە، بۆیە شایانی توندترین سزان.
داواکاری گشتی خۆی ئەو داواکاریەی پێشکەشکردووە، ئێستا پەشیمانبوونەوەی لەژێر فشاری ڕامیاریی ناوەوە یا دەرەوەی ولات بەتایبەتی لایەنە ڕامیارییە عەرەبییە شۆڤینستەکان، پرسیارێکی گەورەی تر دەخاتەسەر ڕەوایەتی و بێلایەنی ئەو دادگا ئێراقییە. پەشیمانیی داواکاری گشتی جگەلەوەی کارێکی دژ بە قانونی دادگاکە خۆیەتی، ئاماژەیە بە نابووتی و ناسەربەخۆیی دادگاکە.
هەر دەستکاریەک و پێشێلکاریەکی قانونی سوکایەتیەکی ترە بە کارەساتەکانی گەلی کورد، بوونی دادگایەکی عەرەبی و ئێراقی تاوانێکی گەورەبوو بەرامبەر بەکورد کرا، هەر پێشێلکاریەکی دیکە زیاتر ئازاردانی گەلی کوردی بێکەسە.

ناوەندی چاک
22/08/2007